Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.102016

# سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد لەعیراق لە ماوەی کۆڕەودا (١٩٩١)

**مەبەست هەژار حمد[1] ، سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر[2]**

1- بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە ،هەرێمی کوردستانی عێراق

2- ئینستیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ،هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە**

کۆڕەوی گەلی کورد ڕووداوێکی مێژوویی گەورە بوو لە ساڵی ١٩٩١ کە تیایدا گەلی کورد پەنایان بۆ سنوورەکانی تورکیا و ئێران برد بە مەبەستی دوورکەوتنەویان لە دەستی ڕژێمی عیراق. سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆڕەوی گەلی کورد سیاسەتێکی پارێزکارانەی بەرژەوەندخوازانە بوو بەرامبەر بە گیانی کوردەکان، کە تیایدا هەزاران کورد بوون بە قوربانی. ڕووداوەکە بابەتێکی گرنگ و هەستیارە، لەبەرئەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە ئەمرۆدا داهاتووی سیاسی و ولاتانی جیهانی سێیەم بە گشتی دیاریدەکات، بۆیە لای توێژەرانی سیاسی جێگەی بایەخپێدان و تێرامانی تایبەتە. لە ئێستادا زۆرینەی گۆڕانکارییەکانی جیهان پەیوەندییان بە هەڵوێست و سیاسەتی ئەمریکاوە هەیە، لێرەدا هەولماندا وە بەشێک لەم کەلێنە پربکەینەوە. ئامانجمان ڕوونکردنەوەی هەلوێستی سیاسی ئەمریکایە بەرامبەر بە کۆڕەو. ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر خستنەروو شیکردنەوەی ڕۆڵی سیاسیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکاتەوە بەرامبەر بە کۆڕەوی گەلی کورد. بە جۆرێک لە دوو باسی زانستیدا جەخت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا دەکاتەوە لە سەردەمی کۆڕەو، هەروەها لە سەردەمی دوای کۆڕەو. لە باسی یەکەمدا جەخت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد لە سەروبەندی کۆڕەوەکەدا کراوەتەوە، لە باسی دوەمیشدا جەخت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا کراوەتەوە لە دوای کۆڕەو. هەوڵدراوە وێنای سەنگی کورد وەک نەتەوەیەکی زیندوو لە مەیدانی سیاسی و کاریگەری کورد وەک نەتەوەیەک لە دەوڵەتی عیراقدا بکرێت، هەروەها کاریگەری زلهێزێکی وەک ئەمریکا لەسەر پرسی کورد لە عیراقدا بخرێتەڕوو. لەڕاستیدا ئەمرۆ لە زۆرینەی ناوچە جیاوازەکانی جیهان چەندین تەنگژە و قەیرانی گەورەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنگژەی تر دەرکەوتوون، بەردەوام کەم و زیادیش دەبن و کاریگەرییان خستۆتە سەر پەیوەندی نێوان وڵاتان و هاوسەنگی نێودەوڵەتی، بۆیە توێژینەوە سەبارەت بەم بابەتە گرنگییەکی سەردەمیانەی گەورە لەخۆدەگرێت و دەبێت بە هۆکارێک بۆ چاوکرانەوەی زیاتری تاک بەرامبەر بە سیاسەتی زلهێزەکان.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

کوردستان، کورد، سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، کۆڕەو، ڕاپەڕین

***Corresponding Author***

## 1-1 سەرەتا

### پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا دەکاتەوە سەبارەت بە کۆڕەوی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، لە سەرەتای دەیەی نۆیەمی سەدەی بیستەم. ئەم پرسە بابەتێکی گرنگ و بایەخدارە، لەبەرئەوەی تێگەیشتن لە سیاسەتی ئەمریکا لای پسپۆرانی سیاسی جێگەی بایەخپێدان و تێرامانە. لە ئێستادا زۆربەی گۆڕانکارییەکانی جیهان پەیوەندییان بە هەڵوێست و سیاسەتی زلهێزێکی وەکو ئەمریکاوە هەیە، لە هەر شوێنێکی جیهان هەر تەنگژەیەک هەبێت چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت ئەمریکا بەشێوەیەکی کارا بوونی هەیە لە یەکلاکردنەوەی

پرسە گەورەکاندا. ئەمرۆ لە زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی جیهان چەندین تەنگژە و قەیرانی گەورەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنگژەی تر دەرکەوتوون، کاریگەری گەورەیان لەسەر بەرجەستەکردنی سیاسەتی زلهێزەکان هەیە. لە پێشوودا ئەمریکا بە چاوێکی گرنگەوە نەیدەروانیە دەسەلاتە ناودەولەتیەکان بەلکو زیاتر گرنگی بە دەسەلاتە نێودەولەتیەکان دەدا. بەلام لە ئێستادا بە گرنگیەوە دەروانێتە دەسەلاتە نادەولەتیەکان، ئەمەش لە سۆنگەی ئامانجی برەودانی زیاتری هەژموونی سیاسی ئەمریکا بەتایبەتی لە رۆژهەلاتی ناوەراست.

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

دیاریکردن و هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ گرنگی کۆرەوی کورد و لێکەوتەکانی ئەم کۆڕەوە بەسەر گەلی کوردستان و سیاسەتی ئەمریکی بەرامبەر بە رووداوەکانی کۆرەو دەگەرێتەوە.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

مەبەست و ئامانجی بنچینەیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەرووی سیاسەتی ئەمریکا و شیکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرامبەر بە کۆرەوی کورد بە شێوەیەکی ورد و زانستیانە لە روانگەی خودی سەرچاوە ئەمریکییەکانەوە.

### میتۆدی توێژینەوەکە:

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا بەهۆی پێویستبوونییەوە دوو میتۆد بەکارهاتووە، ئەوانیش:

١-(میتۆدی مێژوویی) بۆ بەدواداچوون و دەرخستنی بارودۆخی کورد لەسەردەمی کۆرەو و بۆ نیشاندانی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەمەریکا بەرامبەر بە کۆرەو.

٢- (میتۆدی وەسفی شیکاری) بەشێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەیەدا پشت بەم میتۆدە بەستراوە، لەبەرئەوەی وا پێویستبووە پێشهات و دیاردە سیاسییەکانی کۆرەوی کورد و سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە گەلی کورد لە مەودای دیاریکراودا بە وردی بخرێنەروو.

### ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا چەند ئاستەنگێک درووستبوون، ئێمە هەوڵمانداوە بەسەریاندا زاڵبین و لە بابەتیبوون و زانستیبوونی توێژینەوەکە دەرنەچین، وەکو دەستکەوتنی بەڵگەنامە و سەرچاوەی پەیوەندیدار بە بابەتەکە.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

لە دارشتنی شێوەی توێژینەوەکەدا پەیرەوی پلانێکی تایبەت کراوە ئەویش لە رێگەی دابەشکردنی توێژینەوەکە بەسەر پێشەکییەک و دوو باسی سەرەکی و دەرئەنجام، لە باسی یەکەمدا جەخت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە سەروبەندی کۆرەوەکەدا کراوەتەوە، لە باسی دوەمیشدا جەخت لەسەر سیاسەتی ئەمریکا کراوەتەوە لە دوای کۆرەو.

### گرنگترین سەرچاوەکان:

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا سوود لە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی وەرگیراوە، سەرجەم سەرچاوەکانیش لەلایەن خودی ئەمریکییەکانەوە نوسراون، جا چ کتێب و وتاری زانستی بن، یاخود دۆکیۆمێنت و وتارەکانی کۆنگرێسمانەکان لە کۆنگرێسی ئەمریکا یا لێدوانەکانی سەرۆکی ئەمریکای ئەو رۆژگارە، لە گرنگترینیان بریتین لە کتێبی (Iraq and the gulf war) لە نوسینی (Gause Gregory) و کتێبی ( The internally displaced people of Iraq) لە نوسینی (Fawcett John)، هەروەها کتێبی ( The Kurdish question in the US foreign policy) لە نوسینی (Lokman Meho) کە کوردی لوبنانەو هەلگری رەگەزنامەی ئەمریکیە و پرۆفیسۆرە لە زانکۆی نیویۆرک.

## باسی یەکەم

## سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد لە سەروبەندی کۆڕەودا

کۆرەوی کورد رووداوێکی مێژوویی گەورە بوو کە تیایدا کوردەکانی عیراق لە ترسی زەبروزەنگی رژێمی عیراق دوای ئەوەی راپەرینی کورد سەرکوتکرا، کوردەکان پەنایان بۆ سنوورەکانی ولاتی ئێران و تورکیا برد. لەم کۆرەوەدا هەزاران کورد بوون بە قوربانی، بەشێکی خەلکەکە لە رێگادا بەهۆی بۆمبارانی فرۆکەکانی عیراقەوە مردن و بەشێکی تریشیان بەهۆی برسیەتی و سەرماوە بوون بە قوربانی.

لە دەستپێکی کۆرەوی کورد لە باشووری کوردستان، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە دۆزی کورد سیاسەتێکی هاوسۆزانەی مرۆیی بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی کوردەکان دژی رژێمی عیراق راپەرینیان بەرپاکردبوو، ئەمەش دوای ئەوەی پرسی کۆرەوەکە بوو بە پرسێکی مرۆیی جیهانی ( Charountaki, 2010: 284). سیاسەتی ئەمریکا لەسەرەتادا خۆلادان بوو لەو واقیعە مرۆییەی کە لە باکووری عیراقدا بەرجەستە ببوو، بەلام دوای ئەوەی پرسەکە چوار چێوەیەکی جیهانیانەی بەخۆیەوە بینی، سیاسەتی ئەمریکاش گۆرا بۆ سیاسەتێکی مرۆییانە.

دوابەدوای سەرکەوتنی هێرشی هاوپەیمانان لە جەنگی دووەمی کەنداو و دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوەیت، جۆرج بۆش سەرۆکی ئەمریکا (١٩٨٩-١٩٩٣) داوای لە خەڵکی عێراق کرد دژی دەسەڵاتی رژێمی عیراق راپەرن و دەسەلاتی پارتی بەعس بروخێنن (Meho,2004:58). کوردەکان لە باکوور و شیعەکان لە باشووری عێراق راپەرینیان بەرپاکرد (Byman,2016:23)، بەڵام بەهۆی سەرکوتی رژێمی عیراق و رووبەرووبوونەوەی گەل بەوپەری درندەییەوە، لە ئەنجامدا کۆرەوی خەڵکی کوردستان روەو سنورەکانی ئێران و تورکیا دەستیپێکرد (Modigs,2000:71). لەراستیدا گەلی کورد بەهۆی ئەوەی پێشتر زەبروزەنگی رژێمی عیراقیان بینیبوو لە

شالاوەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، بۆیە ترسی گەورەیان لە سووپای عیراق هەبوو.

دواتر جۆرج بۆش نکۆڵی لەوە کرد کە داوای لە خەڵکی عێراق کردبێت دژی سەدام حوسەین سەرۆکی عیراق (١٩٧٩-٢٠٠٣) راپەڕن و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئامانجی هێزە هاوپەیمانەکان هەرگیز ئەوە نەبووە کە رژێمی سەدام بروخێنن و زۆر بە ڕاشکاوانە وتی: "ئەمریکا نایەوێت گیانی سەربازەکانی بۆ یارمەتیدانی کوردەکان بخاتە ناو مەترسیەوە و عێراق پارچەپارچە بێت" (Fawcett,2002:37). سیاسەتی ئەمریکا بارامبەر بە رژێمی عیراق لەدوای جەنگی دووەمی کەنداو(١٩٩١) گۆرانکاری گەورەی بەسەرداهات، لە جەنگی یەکەمی کەنداو(١٩٨٠-١٩٨٨) ئەمریکا پشتیوانی لە رژێمی عیراق دەکرد لە دژی کۆماری ئیسلامی ئیران کە دوژمنی ئەمریکا بوو، بەلام دوای پەلاماردانی کوێت لەلایەن عیراقەوە(١٩٩٠)چیتر ئەم هاوپەیمانیەتەی نێوان ئەمریکا و عیراق بوونی نەما. ئەمەش سەرەتایەکی باش بوو لە پەیوەندی نێوان کورد و ئەمریکا.

هاوکات لە کۆتایی مانگی ئاداری١٩٩١ جەلال تاڵەبانی(١٩٧٥-٢٠١٧) سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەردانی ئەمریکای کرد بەمەبەستی دیدار لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەڵام هیچ کەس لە کارمەندانی وەزارەتی دەرەوە، یان کۆشکی سپی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی دانەنیشتن (Gause,2001:32). لەراستیدا ئەوان تەنانەت سەبارەت بە مافی مرۆڤیش گوێیان لە داخوازیەکانی جەلال تاڵەبانی نەگرت، چونکە تا ئەوکات کوردەکان بابەتێکی ناکارا بوون لە سیاسەتی ئەمریکادا.

دوابەدوای سەرکوتکردنی خەڵک لەلایەن رژێمەوە خەڵک لە زەبر و زەنگ و سەرکوتە بەرفراوانەکانی دەوڵەت دەترسان، بۆیە خەڵکی بە کۆمەڵ ڕووەو سنوورەکان هەڵاتن. نزیکەی دوو ملیۆن کەس کۆڕەویان کرد و هەوڵیاندا لە دەستی سەربازەکانی دەوڵەتی عێراق دەربازبن، نزیکەی دوو لەسەر سێی ئەمانە سنووری ئێرانیان تێپەڕاندو نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەسی دیکە لە نزیکی سنووری تورکیا کۆبوونەوە (Chomsky,2011:29). لەراستیدا ترسی دووبارەبوونەوەی کارەساتی هەلەبجە لە هزری خەلکیدا بوونی هەبوو، بۆیە خەلکی دووچاری ترسێکی زۆر ببوون.

هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ تێکشکاندنی هێزی سەربازی دەوڵەتی عێراق لە ناوچەکە پێکهێنرابوو، بە ئاشکرا کوردەکانی هاندا تاوەکو بەشداری لە شەڕی دژی رژێمی عیراق بکەن (Shlaim,2008:41). لەوکاتەدا ئەمریکا پێویستی بە هەموو جۆرە هێزێک بوو بۆ ئەوەی دوژمنەکەی لەناوبەرێت. هاوکاری و هەماهەنگی کوردەکان بۆ ئەمریکا بوو بە سەرەتای کرانەوەیەکی سیاسیی بۆ داهاتووی کورد لە ناوچەکەدا.

دواتر و دوابەدوای تێکشکانی نزیکەی نیوەی سوپای عێراق و چەسپاندنەوەی سیستمی پاشایەتی لە کوێت، سەرۆکی ئەمریکا بڕیاریدا چیتر لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا دەستێوەردان نەکات (Alsarhan,2017:33). لەڕاستیدا ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا سەدامی هاندا بەهۆی پشتیوانیکردن لە ئەمریکا لە شەڕی کەنداوی ١٩٩١ تۆڵە لە کوردەکان بسێنێتەوە (Chomsky,2011:20). هەرچەندە رژێمی عیراق توانای بەرپەرچدانەوەی هێزە نێودەوڵەتیەکانی نەمابوو بەهۆی خاپووربوونی سووپاکەی لە جەنگەکەدا، بەلام توانای ئەوەی هەبوو کارەساتێکی گەورەی مرۆیی بەسەر کوردەکان بهێنێت.

ئیدارەی ئەمریکا ئاگاداری ئاکامەکانی بەتەنیا هێشتنەوەی کوردەکان بوو و پێشبینی ئەوەی کردبوو، کە کوردەکان ئاوارە دەبن، هەربۆیە پێداویستیەکانی ٢٠ هەزار ئاوارەی لە خاکی تورکیا ئامادە کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا "برێنت سکۆکرافت" لەم بارەیەوە وەڵامی دایەوە: "ئێمە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد هێرشێکی ئەوەندە توند بکرێتە سەر کوردەکان". (Bruinessen,2004:45). بەڵام ئەم هاوکاریانەی ئەمەریکا بۆ ئەم مەبەستەی ئامادەکردبوو سەد قات کەمتر بوو لە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ئاوارە بوون. ئەمەش دەرخەری بێاکی و کورتبینی سیاسیانەی ئەوسای ئەمریکا بوو بەرامبەر بە جیهانبینیان بۆ واقعی سیاسی و مرۆیی ناوخۆی عیراق و ترسی گەلی کوردی عیراق لە رژێمی بەعس.

ئەمریکا هۆشداریدا بە رژێمی عیراق لە پەیوەندی لەگەڵ سەرکوتی راپەڕینە جۆراوجۆرەکان تۆزێ دەست بپارێزێت، بە واتایەکی دیکە تۆزێ پارێز بکات، نەوەک سەرکووتەکە بوەستێنێت. پاشان لە ٢٦ی ئادار ڕوون بووەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری داوە، بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕیوان نەچێتە مەیدان. ئەوکاتە فەرماندەی ئەمریکایی هێزە هاوپەیمانەکان، ژەنەراڵ "نۆرمەن شوارزکۆف" و هاوتا عێراقییەکەی لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە سوپای عێراق لە کۆپتەری تۆپدار و ئۆتۆمبێلی سەربازی بۆ تێکشکاندنی ڕاپەڕین کەڵک وەرنەگرێت (Meho,2004:62). لەراستیدا بە خوێندنەوەمان بۆ سیاسەتی ئەمریکا لەم کاتەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمریکا ماف بە رژێمی عیراق دەدات بە سەرکوتکردن و لەناوبردنی گەلەکەی خۆی بەلام بە شێوەیەکی کەمتر و نەرمتر. بەمەش پاشەکشەی بەرەبەرەی ئەمریکا لە پشتیوانیکردن لە ئۆپۆزسیۆنی عێراق و کوردەکان، دواجار بوو بە هەوێنی دروستبوونی کارەسات بۆ گەلی عێراق بە گشتی.

جۆرج بۆش کە تۆمەتی کەمتەرخەمبوونی خرابووە پاڵ لە پای دروستبوونی بارگرژییەکان، بە توڕەییەوە وەڵامی دایەوە:

"پێموانییه ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوناهباربێ، لەبەرئەوەی پێشنیاری ئەوەی بە خەڵکی عێراق کردبێ حکوومەتی عێراق بڕوخێنن و مەبەستی ئەوە بووبێ کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دێتە مەیدان و پشتیوانی سەربازییان لێدەکات، نەخێر، شتی وا ڕاست نییە، ئێمە قەت مەبەستێکی وامان نەبووە" (Blanchard,2012:81). خۆلادانی سەرۆک لە پشتیوانیکردنی سەربازی بۆ خەلکەکە جەواشەکردنی خەلک بوو لەلایەک هەروەها لەلایەکی تر دووفاقی سیاسی بوو. لەراستیدا سیاسەتی سەرۆکی ئەمریکا لەپێناو دروستکردنی بارگرژیەکی گەورە بوو لە عیراقدا، ئەمەش بە ئامانجی لاوازکردنی دەسەلاتی دەولەتی عیراق بوو.

هەروەها جەیمز بەیکێر(١٩٨٩-١٩٩٢) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وتی: "ئەمڕۆ ئێمە ئێش و ئازار و کوێرەوەری خەڵکی عێراق بەچاو دەبینین" (Rogg,2007:52). خۆلادانی سەرکردە بڕیار بەدەستەکانی ئەمریکا لە بەکارهێنانی وشەی "کورد" نموونەیەکی ڕوونی هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە سەبارەت بە سەنگی کوردەکان لەوکاتەدا لە سیاسەتی ئەمریکادا.

کوردەکان دووچاری بەرهەلستی سەرۆکی ئەمریکا بوونەوە لە هاوکاریکردن و پشتیوانیکردنیان لە سەرەتای کۆرەوەکەیاندا، ئەوان دووچاری نەهامەتی گەورە هاتن لەلایەن رژیمی عیراقەوە. مندالەکانیان لە سەرمادا رەق دەبوونەوە و جیهانیش بینەری ئەم دیمەنە تراژیدیانە بوون ( Malanszuk, 1991 : 12). ئەمەش ئامانجی سیاسی تایبەتی خۆی لەپشتەوە بوو، ئەمریکا دەیویست جیهان ئەم راستیانە ببینن بۆ ئەوەی دواتر تانە لە دژایەتیکردنی ئەمریکا نەدەن بەرامبەر بە رژێمی عیراق.

سەرۆکی ئەمریکا لە کالیفۆرنیا لە ٤ی نیسانی ١٩٩١ لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن، لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووساندا رایگەیاند: "ئامانجی هێزە هاوپەیمانەکان هیچ کات ئەوە نەبووە کە لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا دەستوەردان بکەن. لە ڕاستیدا بە ڕوونی پێتاندەڵێم، کە ئێمە نەمانویست بچینە ناو عێراق. من کردەوە دڕندانەکانی سەدام دژی خەڵکەکەی شەرمەزار دەکەم، بەڵام نامەوێت هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەونە نێو شەڕێکی نێوخۆیی لە عێراقدا. هەتا کاتێک سەدام لەسەر دەسەڵات بێت ئێمە پەیوەندی ئاساییمان لەگەڵ عێراق نابێت، بەڵام زۆر بەڕوونی دەڵێم ئامانجی هاوپەیمانان ئەوە نەبوو، کە سەدام حوسێن بەزۆر لەسەر دەسەڵات لاببەن و بە بۆچوونی من تەنانەت یەک دایک و باوکی سەربازی ئێمە نییە کە لە ئۆپراسیۆنی گەردەلوولی بیاباندا شەڕیان کرد، بیانەوێت هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەونە ناو ئەم بارودۆخە ترسناک و دژوارەوە.بەدلنیاییەوە هەرچی لەدەستمان بێت دەیکەین بۆ یارمەتیدانی ئاوارە کوردەکان. کەوابوو پێموانییە شیعەکان لە باشووری عێراق و ئەوانەی کە حەزیان لە سەدام نییە، یا کوردەکان لە باکوور وا هەستیان کردبێت، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕووخانی سەدام یارمەتیان دەدەن. ئێمە ئەرکی خۆمان جێبەجێکردووە. ئێستا ئایا ئێمە دەهەژێین کاتێک کە دەبیستین خەڵکی کورد دەچەوسێنرێنەوە و دەکوژرێن و ڕەفتاری نامرۆڤانەیان لەگەڵ دەکرێت؟ بەڵێ. ئایا ئێمە نیگەرانین لە ڕەفتاری دڕندانەی سەدام لەگەڵ شیعەکانی باشووری عێراق؟ بەڵێ. ئایا ئێمە دەمانەوێت خەڵکی عێراق خۆیان سەدام حسێن لەسەر دەسەڵات لاببەن؟ بەدڵنیاییەوە دەمانەوێت، بەڵام دەربارەی ئامانج و نیازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان، کە تا ئەو شوێنەی من دەزانم، ئەوانیش لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی مندان " (Meho,2004:70). لەراستیدا ئەمریکا دەیویست بەبێ هیچ زیانێک بۆ ولاتەکەی خۆی وابکات رژێمی عیراق لەناوبچێت.

لێرەدا زۆر بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا خاوەن ستراتیژیەتێکی ئەوتۆ نەبووە سەبارەت بە کوردەکان، بەڵکو خاوەن سیاسەتێکی ناکارایە سەبارەت بە دۆزی کورد و تەنیا لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیەتی لە ناوچەکەدا و کورد وەکو ئامرازێکی سیاسی بەکاردێنێت.

لێرەدا دەمانەوێت بۆچوونی بەشێک لە کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکا بخەینەروو سەبارەت بە کۆرەوی کورد و سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆرەوەکە :

کۆنگرێسمەن "Lvean"، نوێنەری ویلایەتی کالیفۆرنیا، لە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٩ی نیسانی ١٩٩١ دەڵێت:

"بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، من ئەمڕۆ پڕۆژەی بڕیارنامەیەکم ئامادەکردووە، کە داوا لە سەرۆکی ئەمریکا دەکات بە زووترین کات دەستبەکاربێت بۆئەوەی بەر بە کۆمەڵکوژی کوردەکانی عێراق بگیرێت. ئێمە بۆ وەستاندنی ئەم تراژیدیایە درەنگ دەست بەکاربووین. سەدان هەزار کورد لە زێدی خۆیان ئاوارەبوونە، هەزاران کەس مردوون و هەزاران کەسی دیکە بەهۆی برسێتی، نەخۆشی، سەرما و سۆڵە و هێرشە زەوی و ئاسمانییەکانی سەدام حوسێن لەگەڵ مەترسی مەرگ ڕووبەڕوون.

دەستبەکارنەبوونی ئەمریکا بۆ خستنەخوارەوەی کۆپتەرەکانی سەدام کە بەشێوازی دڵڕەقانە هێرشیان دەکردە سەر خەڵکی کورد، پێشتر بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان. ئەگەر ئێمە لەمە زیاتر دەستەوەستان بمێنینەوە هیچ کەس زیندوو نامێنێت، تا لەو هەرێمە دژەفڕینە کەڵک وەربگرێت کە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاریکردووە.

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن، سەرۆک بۆش لە جێی خۆیدا جەختی لەسەر بیری ئەخلاقی هەوڵە گرنگەکانی ئەمریکا

کردووەتەوە بۆ تێکشکاندنی سەدام حوسەین. نابێت سەرۆک بۆش بهێڵێت ئەم سەرکەوتنە بەتەنها هێشتنەوەی کوردەکان کۆتایی پێبێت، کە پێویستی یەکجار زۆریان بە یارمەتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەیە.

ئەمە دەقی بڕیارنامەکەیە:

-بەهۆی ئەوەی سەدام حوسەین لە زەوی و ئاسمانەوە هێرشی درندانەی کردووەتە سەر خەڵکی کوردی عێراق بە تاوانی ئەوەی کە ئەم خەڵکە دژی دیکتاتۆریەت ڕاپەڕینیان کردووە.

-بەهۆی ئەوەی کە لە ئەنجامی ناکۆکی ناوخۆیی عێراق، سەدان هەزار عێراقی کە زۆربەیان کوردن، ئاوارە بوونە.

-بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە عێراق هەروا سنوورەکانی لەسەر هەوڵە سارێژکەرە نێونەتەوەییەکان داخستووە و ناهێڵێت ئەم هەوڵانە ئەنجام بدرێت.

لە ئەنجامدا کۆنگرێسی ئەمریکا (بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی پیران) بڕیاریدا:

١-سەرۆکی ئەمریکا دەبێ دەستبەجێ داوا بکات کە هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕێکخراوە خێرخوازییە نێونەتەوەییەکان بپارێزن وەک خاچی سوور، مانگی سوور، سندوقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە خێرخوازییە خۆویستەکان بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتی کوردەکان و عێراقییەکانی دیکە بکەن.

٢-سەرۆک دەبێ لەو تیمە پزیشکییەی هێزە هاوپەیمانەکان کە لە کەنداوی فارسدان داوا بکات یارمەتی پزیشکی و خێرخوازی بدەن بە کوردەکانی عێراق لەو شوێنانەی کە زۆر پێویستە.

٣-سەرۆک دەبێ داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات هێزی ئاشتیپارێز لە عێراق جێگیر بکات، بۆ ئەوەی خەڵکی کورد و گروپەکانی دیکە بپارێزێت کە هێزەکانی عێراق هێرشیان کردونەتە سەر. (Meho,2004:106).

لێرەدا سیناتۆر لڤین ئامانجیەتی ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکا بۆ هاوکاریکردنی کوردەکان و پاراستنی خەلکی سڤیل بکات، واتە ئەو هاولاتیانەش کە کورد نین بەهەمان شێوە پارێزراوبن لە دەستی ڕژێمی عێراق. لێرەدا بەروونی ئەوە دیارە کە سیاسەتی سەرۆکی ئەمریکا لە ئاستێکی ئەوەندە لاوازدایە کە گەر بێت و کۆنگرێسمانەکان نەیخەنە بابەتی باسکردنەوە، لەوانەیە سەرۆک خۆی لە باسکردنیشی لابدات هەروەک چۆن خۆی لە باسکردنی دەیان بابەتی دیکەی جیهانیی لاداوە.

پەلامار و دژایەتیکردنەکانی ڕژێمی عێراق بەرامبەر بە گەلەکەی خۆی لە ئاستێکی زۆر خراپدا بوو، بابەتەکە تەنیا پەیوەندیدار نەبوو بە یەک گرووپ یاخود یەک لایەنی تایبەت، بەلکو بەرامبەر هەر هاولاتیەک بوو کە دژی دەسەلاتی دیکتاتۆری ڕژێمی عێراق بوو (Phillips, 2015 : 35).

لەراستیدا ڕژێمی عێراق وەک داردەستی ئەمریکا دەیروانی لەهەر کەس و لایەنێک کە دژی دەسەلاتەکەی بوەستێتەوە جا بە وەستانەوەی چەکداری بێت یان بەرزکردنەوەی درووشمی سیاسی بێت دژی دەسەلاتی حیزبی بەعس.

هەروەها لە درێژەی دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٩ی نیسانی ١٩٩١ کۆنگرێسمەن "Kostmeir" دەڵێت:

بەڕێز سەرۆک ئەنجوومەن، ڕێکەوتننامەیەک لە نێوان "ژەنەڕاڵ شوارزکۆڤ" و سوپای سەدام حوسەین مۆرکراوە، بۆئەوەی کۆپتەرەکانی سەدام نەفڕن (مەگەر بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری مەدەنی)، بەڵام لەم کۆپتەرانە بۆ لێدانی بۆمبی ناپاڵم و فۆسفۆری لە سیڤیلە کوردەکان کەڵک وەردەگرن، کە یەکێک لە مەزنترین تراژیدیاکانی سەدەی بیستەمە کە لە پێش چاوی ئێمە بەڕێوە دەچێت.

جەنابی سەرۆکی کۆنگرێس، بۆ سەرۆکی ئەمریکا ئەم ڕێکەوتننامەیە جێبەجێ ناکات؟ ئەم سەرنەکەوتنەی سەرۆک بۆش لە جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە (پاش ئەوەی کە بۆش کوردەکانی عێراقی هاندا تا ڕاپەڕین بکەن) جەخت کردنەوەی سەرۆک بۆش لەسەر مەسەلەی ئەخلاق لە شەڕی کەنداوی کردووە بە گاڵتەجاڕ، ناوزەدکردنی سەدام حوسەین بە هیتلەر و پاش ئەوە بێدەنگبوون لە بەرامبەر کوشتنی کوردەکان بە دەستی سەدام، شەرمە بۆ ئەمریکا. بەسەرۆک بۆش دەڵێم: "ڕێکەوتننامەکە جێبەجێ بکە، هەموو جیهان چاوەڕوانە و سەیر دەکات". (Dalacoura,2010:64).

لەراستیدا خۆلادانی سەرۆکی ئەمریکا لە جێبەجێکردنی ئەم ریکەوتننامەیە بوو بە هۆکاری کوژرانی سەدان هاولاتی کورد لەکاتێکدا کە دەیانویست بگەن بە سنوورەکان لەلایەن کۆپتەرە تۆپدارەکانەوە پەلاماردران و کوژران. سەرۆکی ئەمریکا بە خۆلادانی لەم بابەتە کوردەکانی تووشی کارەساتی مرۆیی گەورە کرد.

ئامانجی سیاسی ئەمریکا لەو کاتەدا ئەوە بوو کە ڕێگری لە زیاتربوونی توندرەوی و دیکتاتۆریەتی ڕژێمی عێراق بکات بەرامبەر بە دەولەتانی دەوروبەر بەتایبەتی ولاتانی کەنداو کە خاوەنی وزەیەکی پیترۆلی زۆر بوون و جێگای چاوتێبرینی دەولەتی عێراق بوون کە تووشی قەیرانێکی ئابووری گەورە ببوو لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی کەنداوەوە (Phillips, 2018 : 22). لەراستیدا هیچ گومانێک لە چاوتێبرینی دەولەتی عێراق نەبوو بەرامبەر بەو سامانە نەوتیە زۆرەی کە ولاتانی کەنداو خاوەنی بوون بەتایبەتی ولاتی کوێت و سعوودیە.

هەروەها لە دانیشتنی ئەنجوومەنی پیران لە ١١ی نیسانی ١٩٩١ سیناتۆر "مۆیلینهان" بە نوێنەرایەتی لەلایەن سیناتۆرانی تری وەک "جۆرج"، "پێڵ" ، "لێههی" ، "سان فۆرد" ، "داماتۆ" ، "میشێل" ، "دۆڵ"، "کرانستۆن" و خاتوون

"کاسیباوم" بڕیارنامەی ٩٩ بۆ پاراستنی ئاوارەکان لە عێراق ئامادە دەکات، کە دواتر پەسەند دەکرێت، ئەمەش دەقی بڕیارنامەکەیە :

-بەهۆی ئەوەی لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە، دەوڵەتی عێراق بەبێ جیاوازی هێزێکی زۆری دژی خەڵکی سڤیل لەسەرانسەری وڵات بەکارهێناوە، لەوانە بەکارهێنانی چەک گەلێکی وەک ناپاڵم و چەکی فۆسفۆری، هەزاران کەسی کوشتووە و ئاوارە کردووە و گیانی یەک ملیۆن کەسی تری خستۆتە مەترسیەوە.

-بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ بڕیارنامەی ٦٨٨ی پەسەند کردووە و تێیدا سەرکووتی خەڵکی عێراقی شەرمەزار کردووە و ڕایگەیاندووە کە ئەم سەرکوتە هەڕەشەیە بۆ ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە و داوای لە دەوڵەتی عێراق کردووە بە خێرایی کۆتایی بەم سەرکوتە بێنێت و پێداگیری کردووە، کە عێراق دەستبەجێ ڕێگە بدات بەوەی کە ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە نێونەتەوەییەکان دەستیان بگات بەو کەسانەی کە پێویستیان بە یارمەتییە و داوای کردووە عێراق لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری بکات بۆ ئەوەی بە خێرایی وەڵامی پێداویستییە زۆر پێویستییەکانی ئاوارەکان بدرێتەوە.

-بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک ڕێبەری هاوپەیمانیی نێونەتەوەیی دژی داگیرکاری سەدام، بەرپرسیارێتی و توانایەکی بێ وێنەیان هەیە بۆ باشترکردنی ڕەوشی خراپی ئاوارەکانی عێراق.

١-ئەنجومەنی پیران بە توندی کردەوە سەربازییە دڵڕەقە بەردەوامەکانی عێراق، کۆمەڵکوژی هەزاران خەڵکی سیڤیل و پێشێلکردنی تەواوی ڕێسا نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و کۆنفیدراسیۆنی چوارەمی ژنێڤی ١٩٤٩ شەرمەزار دەکات.

٢-ئەنجوومەنی پیران داوا لە حکوومەتی ئەمریکا دەکات پشتیوانی لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و یاسای نێونەتەوەیی بکات لە عێراقدا.

٣-ئەنجوومەنی پیران لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرپرسیارێتی ئەخلاقی هەیە لەبەرامبەر دابینکردنی یارمەتی مرۆڤدۆستانەی بەردەوام بۆ ئاوارە عێراقییەکان و پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی، کە سەرۆک کۆمار درێژە بە هەوڵەکانی بدات بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی نێونەتەوەیی لەو کەسانەی کە لەدەستی سەرکوتی عێراق هەڵهاتوون.

٤-ئەنجوومەنی پیران بەخێرایی داوا لە سەرۆک دەکات گوشار بخاتە سەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆئەوەی ڕێگای کاریگەر بگرنەبەر بۆ فریاکەوتنی ئاوارە عێراقییەکان (هەروا کە لە بەشی ٤ی بڕیارنامەی ٦٨٨دا هاتووە) و بەشی پێنجی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ بکات و بەگوێرەی بڕیارنامەی ٦٨٨ داوا لە عێراق بکات بە زووترین کات کۆتایی بە سەرکوتی خەڵکی سڤیلی عێراق بهێنێت. ئەو ڕێگایانەی کە ئەنجوومەنی ئاسایش لەم پەیوەندییەدا دەتوانێت بیگرێتە بەر بریتین لە:

١-دامەزراندنی ناوچەی پارێزراوی کاتی بۆ داڵدەدانی ئاوارە عێراقییەکان، کە لە دەستی سەربازانی عێراق هەڵهاتوون.

٢-درێژەدان بەو ڕەوتە کە ڕێگا خۆش دەکات بۆ ڕاگەیاندنی لێبووردەیی گشتی دەوڵەتی عێراق بۆ هاوڵاتیانی عێراق و جێبەجێ بوونی تەواوی ئەم لێبوردەییە.

٣-دانانی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق.

٤-بەکارهێنانی ئامرازی کاریگەر بۆ پاراستنی ئاوارەکان بە گوێرەی ماددەی ٤٢ی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان. (Meho,2004:119).

شەرمەزارکردنی کردە سەربازیەکانی رژێمی عیراق لەلایەن ئەنجوومەنی سیناتی ئەمریکا و ئاراستەکردنی سیاسەتی ئەمریکا بە تۆلەکردنەوە لە رژێمی عیراق و دانانی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر رژێمەکەی. ئەمە بۆ قۆناغی دواتر کاریگەری گەورەی لە بارگۆرانی سیاسی ئەمریکا هەبوو بەرامبەر بە کوردەکان و پێکهاتەکانی تریش، ئەویش بەرجەستەکردنی هەرێمی دژەفرین بوو کە کاریگەریەکی زۆر گەورەی هەبوو لە پاراستنی گیانی هاولاتیان. چیتر رژێمی عیراق نەیدەتوانی بە ئاسانی قەلاچۆی خەلکی سڤیل بکات لەناو دەولەتەکەیدا. لەراستیدا کۆنگرێسی ئەمریکا رۆلێکی گەورەی بەرجەستەکرد لە ئاراستەکردنی سیاسەتی ئەمریکا بۆ هاوکاریکردنی کوردەکانی عیراق، فشارەکانی کۆنگرێس دواجار سەرۆکایەتی ئەمریکای ئاراستەکرد تاوەکو دژایەتی رژێمی عیراق بکات کە لەپێشتردا سیاسەتێکی شەرمنانەی پەیرەودەکرد بەرامبەر بە دەستدرێژیکاریەکانی رژێمی عیراق بەرامبەر بە کوردەکان و تەنانەت بە رەوازانینی کردە سەربازیەکانی رژێمی عیراق دژی میللەتەکەی خۆی.

گەر هاتباو کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکا فشاریان لەسەر سەرۆک درووستنەکردبا لەوانەبوو سەرۆک پشتیوانی لە کوردەکان نەکردبا، جونکە سەرۆک دەیویست هەموو دونیا دیکتاتۆریەتی سەددام ببینن کە بە چ شێوەیەک پەلاماری خەلکانی سڤیل و بێتاوان دەدات و دەستپارێزی بەرامبەر بێتاوانان ناکات (Lambert, 1997 : 53). لەراستیدا هۆکاری رێگرینەکردنی سەرۆکی ئەمریکا لە رژێمی عیراق بەرلەوەی خەلکی سڤیل بکوژرێن بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەو دەیویست لە دژایەتیکردنی رژێمی عیراق سوود لەم کردە درندانەی سەدام وەربگرێت و بەجیهان بلێت ئێمە بۆیە عیراق بە دوژمنی مرۆڤایەتی دەزانین جونکە بەم شێوەیە مامەلە لەگەل گەلەکەی خۆی دەکات. ئەمەش لەرووی سیاسیەوە سوودی بۆ ئەمریکا هەبوو بەلام لەرووی مرۆییەوە کارەساتی بەسەر کوردەکان

هێنا. لە ڕووی سیاسیەوە ئەم کردانەی ڕژێم خزمەتی سیاسەتی ئەمریکای کرد و بیانووی حاشاهەڵنەگری بەخشی بە ئەمریکا بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەک ئابلۆقەی سیاسی و سەربازی و ئابووری بخاتە سەر عیراق و لەمەشدا بەرجەستەکاری سیاسەتێکی زیرەکانە بوو.

هەروەها لە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ١٦ی نیسانی ١٩٩١ سیناتۆر "Peterson" نوێنەری ویلایەتی فلۆریدا دەڵێت: جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن، ئێمە بەسەرهاتی زوڵمێکی لەڕادەبەدەرمان بیستووە و لە ترسدا ڕێگەکەمان لێ وون بووە. ئێمە دەبێ ئاوڕێک بدەینەوە و سەیری منداڵەکان بکەین، تەنها ئەوەندە، هیچی دیکە پێویست نییە. من بڕیارنامەیەکم سەبارەت بە کورد ئامادە کردووە بۆئەوەی سەرۆک هانبدەین هەنگاوی خێرا هەڵبگرێت، بۆ ڕزگارکردنی گیانی منداڵان و تێرکردنیان و ڕێبەرایەتی ئەخلاقی و تاکتیکی بگرێتە دەست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەهۆی ئەوەی دوو ملیۆن کورد لەدەستی سەدام هەڵهاتوون و هەزار کەس لە ڕۆژێکدا دەمرن، ئیتر بەفیڕۆدانی کات لە جێی خۆیدا نییە. ئێمە وەک نەتەوەیەک، وەک حکومەتێک و وەک مرۆڤێک لەگەڵ تاقیکردنەوەی بەهاکانمان ڕووبەڕووین. هەرکاتێک ئێمە لەبەرامبەر هاواری یارمەتی خەڵکی کورد بێ دەنگ بین، ویژدانی خۆمان خستۆتە ژێر پێ، هەرکاتێک ئێمە ڕووی خۆمان لە ئازار و ژانەکانیان هەڵگەڕێنینەوە، خیانەت بە مێژووی خۆمان دەکەین. هیچ دروستییەک لە بێدەنگیدا نییە. ئەمڕۆ ئێمە تکا لە سەرۆک دەکەین وەک گرنگترین کاری وڵاتی ئەمریکا سەیری بارودۆخی کوردەکان بکات و ڕێبەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ هەوڵدانی دوو لایەنە بۆ پاراستن و فریاکەوتنی خەڵکی کورد. لە کاتێکدا کە ئێمە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی شەرمەزار دەکەین کە وەبیرهێنەری ڕەشترین قۆناغەکانی مێژووی شارستانییەتەکەمانین، نابێت لەم پەیوەندییەدا بە هیچ جۆرێک کەمتەرخەم بین". (Stifani,1997:78). لەراستیدا سیناتۆر پیترسن دەیەوێت لەرێگەی جوولاندنی سۆزی سەرۆکەوە هاوکاری و پشتیوانی بۆ کوردەکان دەستەبەربکات. ئەمەش وەک کردەیەکی سیاسی مرۆییانە لەپێناو بەرجەستەکردنی سیاسەتیکی مرۆییانە بەرامبەر بە بارودۆخی کوردەکان، لەمەشدا سەرکەوتوانە بەرجەستەی پەیام و ئاراستەی سیاسی خۆی دەکات بۆ سەرۆکی ئەمریکا.

دواتر سەرۆکی ئەمریکا لە ١٦ی نیسانی ١٩٩١ ڕاگەیاندننامەیەک بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان دەردەکات کە تێیدا هاتووە:

"١١ ڕۆژ پێش ٥ی نیسان، من ڕامگەیاند، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستپێشخەر دەبێت بۆ ئەنجامدانی هەوڵێک کە بەم زووانە دەبێت بە گەورەترین هەوڵی فریاگوزاری لە مێژووی هاوچەرخی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. ئەم هەوڵە پێویستبوو، بەهۆی ئەو تراژیدییە مرۆییە ترسناکەی کە لەناوخۆ و دەوروبەری عێراق، لە ئاکامی ڕەفتاری دڕندانەی سەدام، لەگەڵ هاوڵاتیانی عێراق ئەنجامیدەدات. لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا، هەڵمەتەکەی ئێمە چەند تەن خۆراک، ئاو، جلوبەرگ، خێوەت، بەتانی و داودەرمانی دابینکرد بۆ کوردەکان لە باکووری عێراق و باشووری تورکیا. بە هەموو پێوەرێک ئەم هەوڵە بێ وێنە بوو. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە. سەدان هەزار کوردی عێراق لە ناوچە شاخاوییە دووردەستەکانی باشووری تورکیا و سەر سنووری تورکیا و عێراقدان. هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بەم بابەتە زۆر سادەیە: ئەگەر ئێمە نەتوانین خۆراک، دەواودەرمان، جلوبەرگ و خێوەت بەقەد پێویست دابین بکەین بۆ ئەو کوردانە، کە لەسەر سنوورەکانی تورکیا و عێراقن، دەبێت کوردەکان تەشویق بکەین بچن بۆ ئەو ناوچانەی باکووری عێراق کەبەهۆی بارودۆخی جوگرافیایی، ئەم هەوڵە فریاگوزارییە بەرفراوانە لەوێ ئاسانتر ئەنجام دەدرێت. ئێمە چاوەڕوانی ئەوە لە دەوڵەتی عێراق دەکەین بەهیچ شیوەیەک دەستتێوەردان لەم هەوڵە فریاگوزارییەی دوایی نەکات. قەدەغەبوونی فڕینی فڕۆکەکانی عێراق بەسەر باکووری هێڵی ٣٦ هەروا درێژەی دەبێت. هەروەها دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە ئەم هەوڵە نوێیە سەرەڕای گەورە و بەرفراوان بوونی، ڕێگاچارەیەکی هەمیشەیی نییە بۆ بارودۆخی کوردەکانی عێراق، بەپێچەوانەوە ڕێگاچارەیەکی کاتییە بۆ دابینکردنی یارمەتیە مرۆییە زۆر پێویستەکان. ئامانجی درێژخایەنی ئێمە هەر ئەوە دەبێت واتا ئاوارە کوردەکان و لە ڕاستیدا هەموو ئاوارە عێراقیەکان لەهەر شوێنێک هەن بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان و بە ئاشتی و دوور لە سەرکووت بژین. من بەردەوام وتوومە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نایەوێت لە کاروباری ناوخۆیی عێراق، وەک ئەوەی ڤێتنام دەستتێوەردانی سەربازی بکات و بکەوێتە ناو زەلکاوێکی هاوشێوەوە. ئەم سیاسەتە هەروەک خۆی دەمێنێتەوە. بەڵام دەبێ هەموو کارێک بکەین کە لە دەستمان دێت بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی سیڤیل. ئەمە نەریتی ئەمریکایە و ئێمە دەمانەوێت درێژە بەم نەریتە بدەین" (Anthony,2002:145). کپکردنەوەی ئەم قەیرانە مرۆییەی کە درووستبوە و گێرانەوەی خەلک بۆ زێدی خۆیان، جوولەیەکی سیاسیانەی باش بوو لەلایەن ئەمریکاوە. لەراستیدا سەرۆکی ئەمریکا سیاسەتیکی ژیرانە بەرامبەر بە باروودۆخەکە رادەگەیەنێت، لەراستیدا بەم کارەی ئەمریکای وەک نوێنەری مرۆڤدۆستی نیشانی جیهاندا و سەرکەوتوانە توانی سۆزی خەلک بۆ خۆی کێش بکات. هەروەها سەرۆکی ئەمریکا بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی تالی ڤێتنام نایەوێت

هەمان هەڵەی ئەوکات لە مێژووی ئەمریکا دووبارە ببێتەوە کە تیایدا دەیان هەزار سەربازی ئەمریکی لەپێناو هیچدا ببن بە قوربانی و دواجار نارەزایی گەلی ئەمریکاشی لێبکەوێتەوە لەرووی ناوخۆییەوە، بۆیە سەرۆکی ئەمریکا سیاسەتێکی ژیرانە بەرجەستە دەکات کە تیایدا خۆی لە مەترسی جەنگ لادەدات و لەهەمان کاتدا وەک نوێنەری مرۆڤدۆستی خۆی نیشانی جیهان دەدات. بەگشتی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆرەو لە سەرەتادا سیاسەتێکی خۆلادەرانە بوو، لە سەردەمی رووداني کۆرەویشدا سیاسەتی ئەمریکا گۆرا بۆ گرنگیپێدانێکی مرۆییانەی ریژەیی بەرامبەر بە رووداوەکان.

**باسی دووەم**

**سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد لە دوای کۆرەودا**

لە سەردەمی کۆرەودا سیاسەتی ئەمریکا خۆی لە بەرجەستەکردنی سۆزی مرۆییانە دەبینیەوە بەرامبەر بە رووداوەکانی کۆرەو. بەلام سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد لە دوای کۆرە و گۆرانکاری گەورەی بەسەرداهات، ئەویش دوای ئەوەی کوردەکان لە جیهاندا زیاتر ناسران بەهۆی بلاوبوونەوەی وێنە و ڤیدیۆی ئاوارەکان لە میدیا جیهانیەکان و ئەو سۆزە مرۆییەی کە بەهۆی مردن و لەرزینی خەلکی سڤیلی کورد لە مندال و گەنج و ئافرەت و پیر، ئەمەش هۆکاریکی گەورەی گۆرانی سیاسەتی ئەمریکا بوو بەرامبەر بە گەلی کورد لە ناوچەکەدا بۆ سەرەتایەک بۆ ئاراستەکردنی کورد بۆ ناو سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. چونکە ئەمریکا بەلایەوە گرنگ بوو سۆزی جیهانی بەلای خۆیدا رابکێشێت وەک زلهێزێکی گەورەی جیهانیی. لەوێوە کورد بوو بە ئامرازی کارای ئەمریکا بەرامبەر بە سەرمرۆییەکانی رژێمی عیراق.

سەرۆکی ئەمریکا لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٩١ لە لێدوانێکدا لە کۆشکی سپی رایگەیاند:

"ئەمرۆ من گەلاڵەنامەی ٢٢٥١ی ئەنجوومەنی نوێنەرانم واژۆ کرد بۆ دابینکردنی پێداویستی و گەیاندنی یارمەتی مرۆڤدۆستانە بە ئاوارەکان و خەڵکی دەربەدەر لە ناوخۆ و دەوروبەری عێراق و چالاکییە ئاشتیپارێزەکان. خۆشحاڵم بە هاوکاری خێرای کۆنگرێس بۆ پەسەندکردنی ئەم گەلاڵە یاسایە. ئەم یاسایە دەسەلات بە وەزارەتی دەرەوە و "ئاژانسی پێشکەوتنە نێونەتەوەییەکان" دەدات کە درێژە بە هەوڵەکانیان بدەن بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان و دەربەدەربووانی ناوخۆ و دەوروبەری عێراق بۆ تازەکردنەوەی ئەو هەوڵانە کە لە "شاڵاوی دابینکردنی ئاسایش" دا دراوە. ئەو بودجەیەی کە ئەم یاسایە دیاریکردووە، لە زیادبونی خەرجی "شاڵاوی گەردەلوولی بیابان" و "شاڵاوی قەڵغانی بیابان" تەرخان کراوە. لەماوەی ٦٨ رۆژ لە سەرەتای "هەڵمەتی دابینکردنی ئاسایش"ەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رێگای هێزی هەوایی و زەمینی، زیاتر لە ١٧ هەزار تەن کەلوپەلی فریاگوزاری و یارمەتی پێداویستی پزیشکی و دەواودەرمانی بۆ هەزاران ئاوارە و دەربەدەربووی عێراق دابینکردووە، کە بۆ ناوچە سنوورییەکانی تورکیا و عێراق هەڵهاتوون. گیانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەم خەڵکە رزگارکراوە و لە رێگای رێبەرایەتی ئەمریکا و هاوکاری باشی سوپاوە، ٦٥٠ هەزار ئاوارە و دەربەدەربووی عێراق ناوچە نالەبارە شاخاوییەکانیان بەجێهێشتووە و چونەتە نێو ئەو کەمپانەی کە ئێمە دروستمانکردوون" (Meho,2004:126). لەراستیدا هاوکاریە مرۆییەکان ژیانی زۆرێک لە کوردەکانی رزگارکرد، بەلام رێژەی ئەم هاوکاریانە زۆر لەوە کەمتر بوو کە کوردەکان پیویستیان بوو، ناشبێ ئەوەمان بیربچێ کە سەرۆکی ئەمریکا هۆکارێک بوو لە هۆکارەکانی دروستبوونی کۆرەو، چونکە لەسەر داواکاری سەرۆکی ئەمریکا راپەرین لە باکوور و ناوەراست و باشووری عیراق دەستپێکرد، بەلام دوای ئەوەی بارودۆخەکە خراپ بوو خۆی لە بابەتەکە بردە دەرەوە و ئەگەر فشاری کۆنگرێس نەبوایە لەوانەبوو ئەو رێژە هاوکاریە مرۆییانەش بۆ کوردەکان دابیننەکرابان. بەلام دواجار هاوکاریە مرۆییەکان بوون بە فریادرەسی گیانی ژمارەیەکی زۆر لە کوردە ئاوارەکان.

کوردەکان لەدوای ئەوەی پەنایان بۆ ولاتانی دەوروبەر برد بەتایبەتی ئێران و تورکیا، توانیان ببن بە بابەتێکی جیهانیی، ئەمەش ئاراستەی سیاسی ئەمریکای گۆری بەوەی چیتر بێهەلویست نەبێت بەرامبەر ئەم رووداوانە و کوردەکان بخاتە نێو سیاسەتی کورتمەودای ئەوکاتەوە کە خۆی لە هاوکاریکردنی مرۆیی دەبینیەوە ( Charountaki, 2010 : 287). لەراستیدا ئێران و تورکیا بوون بە فریادرەسی ژیانی هەزاران کورد لەوکاتەدا کە پەنایان بۆ سنوورەکانیان برد. ئەوان لەرووی لۆژیستیەوە هاوکارێکی باش بوون بۆ کوردەکان.

سەرۆکی ئەمریکا لە ١٦ ی حوزەیرانی ١٩٩١ لە راپۆرتێکدا بۆ کۆنگرێس لەژێر ناوی "هەوڵەکان بۆ ملکەچکردنی عێراق بە جێبەجێکردنی بریارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان رایدەگەیەنێت:

"لە پەیوەندی لەگەڵ رێگەپێدان بەبەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی بریارنامەی عێراق (یاسای ١-١٠٢) وەک بەشێک لە هەوڵە بەردەوامەکانم بۆ ئاگادارکردنەوەی تەواوی کۆنگرێس، جارێکی دیکە راپۆرتتان بۆ دەنێرم دەربارەی هەوڵەکان بۆ ملکەچکردنی عێراق بەجێبەجێکردنی بریارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەروەها کە لە راپۆرتی ١٧ ی مایسی ١٩٩١ باسمکرد، جێبەجێبوونی بریارنامەی ٦٨٧ ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێشمەرجی ئاگربەستی فەرمییە، لەبەرئەوەی کە عێراق قبوڵیکردووە هەموو جۆرە چەکی کۆمەڵکوژ و بیۆلۆژیک و موشەکی

Ballistic کە مەودای هاویشتنەکەی ١٥٠ کیلۆمەتر زیاترە و پێداویستیەکانی چەکی ناوکی لەناو ببات و قبوڵیکردووە کە چاودێران و پشکنەرانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، جێبەجێبوونی ئەم ڕێسا و ڕێوشوێنانە پشتڕاست بکەنەوە. لە ١٧ی حوزەیران، ئەنجوومەنی ئاسایش پلانێکی بۆ ئەم چاودێریکردن و پشکنینە دەبێت، بە گوێرەی بڕیارنامەی ٦٨٧. بە پشتیوانی و هاندانی زۆری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم لێژنانە چالاکانە کاریانکردووە بۆ دۆزینەوە، پشکنین و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئەم چەکانە و کەرەستە پەیوەندیدارەکان. لە کاتێکدا کە پشکنینی هەندێ لە موشەک و چەکە کیمیاییە ڕاگەیاندراوەکان کراوە، عێراق بەگشتی خۆی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لادەدات. هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان چوونەتە نێو باکووری عێراق بۆ دابینکردنی ئارامی و ئاسایشی خەڵکی سڤیل. هەروەها کە پێشتر باسمکرد ئەم هەوڵە ڕێگاچارەیەکی هەمیشەیی نییە بۆ کێشەکە و دەستێوەردانی سەربازی نییە لە کاروباری ناوخۆیی عێراقدا، بەڵکو ڕێگایەکی مرۆڤدۆستانەیە بۆ ڕزگارکردنی گیانی خەڵک. ئێستا بەهۆی ڕەخساندنی بارودۆخێکی ئارام بۆ گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان لە ناوچە سنوورییە شاخاوییەکان، هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێستا لە باکووری عێراق پاشەکشە دەکەن. بەهەرحاڵ ئێمە دەوڵەتی عێراقمان ئاگادارکردۆتەوە کە درێژە دەدەین بە چاودێری ورد بەسەر ڕەفتاری عێراق لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆی و ئامادەین هەنگاوی پێویست هەڵبگرین ئەگەر بارودۆخەکە پێویست بکات. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، هاوپەیمانان پلانی ئەوەیان داڕشتووە کە ژمارەیەکی گونجاو هێزی سەربازی لەناوچەکە بهێڵنەوە، هەتا کاتێک کە بارودۆخی عێراق پێویست بکات. سوپاسی پشتیوانی کۆنگرێس لەم کردەوانە دەکەم و چاوەڕوانی هاوکاری بەردەوامی کۆنگرێسم بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە (Estes,2006:84). لێرەدا زۆر بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکی سەرۆکی ئەمریکا ملکەچکردنی ڕژێمی عیراقە بە داماڵینی لە چەکی کۆکوژ و بالیستی، ئەمەش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی ڕژێم و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن خودی ئەمریکاوە. هۆکاری دووەمیش پەیوەندی بە سیاسەتی دوورمەودای ئەمریکاوە هەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کە بڕیاری سڕینەوەی ڕژێمی عیراق درا بە کەمترین زیان ئەرکەکە جێبەجێبکرێت. لەراستیدا ئەمریکا مەترسی و دڵەڕاوکێی ئاسایشی لە هەڵوەشانەوە و ڕووخانی دەوڵەتانی شکستخواردوو هەیە. ئەمریکا نیگەرانی لەوە هەیە کە ئەمە ببێتە سەرەتایەک بۆ دابەشبوونی وڵاتانی تر و بەرزبوونەوەی داواکاری و داخوازیی ناسنامە و کەمینەکانی دیکە لە ناوچەکەدا. ئەمەش بە بڕوای ئەمریکا کۆی وڵاتانی ناوچەکە، بە تایبەت هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دەخاتە مەترسییەوە.

لە ڕاستیدا بڕیارنامەی ٢٩٩ی کۆنگریس بۆ کورد گرنگییەکی گەورەی هەبوو لە ڕووی سیاسیەوە کە خۆی لە پشتیوانیکردنی کوردەکان دەبینیەوە، ئەمە دەقی بڕیارنامەکەیە :

-بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی دڕندانە ڕاپەڕینی کوردەکانی لە مارس و نیسانی ١٩٩١ سەرکوتکردووە و سەدان هەزار کوردی ئاوارە کردووە.

-بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم شەپۆلە ئاوارەییە کتوپڕ و بەرفراوانە بەرەو تورکیا، ئاوارەکانی لەگەڵ مەترسی مەرگ ڕووبەڕووکردووەتەوە، بەهۆی کەمی خێوەت، خۆراک، دەواودەرمان و ئاوی خاوێن.

-بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە باشترین ڕێگاچارە بۆ ئەم قەیرانە مرۆییە، هاندانی کوردەکانە بۆ گەڕانەوە بۆ زێدی جۆیان، لە باکووری عێراق لە ڕێگای درووستکردنی هەرێمێکی ئارام لە باکووری عێراق، کە لەبەرامبەر هەموو چەشنە هێرشێک بپارێزرێت.

-بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هێشتا پێویستە هەڵمەتی دابینکردنی ئاسایش بۆ وەڵامدانەوەی هێرشەکانی عێراق بۆ سەر کوردەکان لە هەرێمی پارێزراو لە باکوری عێراق بەردەوامبێت.

کەوابوو کۆنگرێس بڕیاری دا :

١- مانەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە باکوری عێراق دەبێ درێژبکرێتەوە.

٢-ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبێ یەکەمین هەوڵیان ئەوەبێ قەناعەت بە دەوڵەتی عێراق بهێنن گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر باکوری عێراق هەڵبگرێت.

٣-بۆ باشترکردنی بارودۆخی کوردەکانی عێراق، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ درێژە، بە پشتیوانی کردن لە یەکپارچەیی و سەروەری سەرجەم وڵاتان بدات و مافی سەرجەم خەڵکی ناوچەکە بە فەرمی بناسێت (Halliday,1994:143).

دوابەدوای پەسەندکرانی بڕیارنامەی ٢٩٩ لە کۆنگرێس و ناردنی ئەم بڕیارنامەیە بۆ سەرۆکی ئەمریکا، سەرۆک بۆش واژۆیکرد و بەو شێوەیە بودجەیەک بۆ یارمەتی مرۆڤدۆستانە بە ئاوارە کوردەکان تەرخانکرا. لەراستیدا ئەم بڕیارنامەیەی کۆنگرێس گرنگیەکی زۆری هەبوو لە یارمەتیدانی ئاوارە کوردەکان، ئەو هاوکاریە ماددیەی کۆنگر ێس بوو بە هەوێنی دابینکردنی پەناگە و خۆراک و دەرمان بۆ هەزاران کوردی ئاوارە کە لە بارودۆخێکی مرۆییانەی زۆر خراپ و دژواردا بوون و بەهۆی سەرماو برسیەتی و نەخۆشیەوە دەیاننالاند.

کوردەکان وەک بەردەباز لەلایەن ئەمریکاوە سەیردەکران، بەجۆرێک کوردەکان ببوون بە پردی سەرکەوتنی ئەمریکا

بەرامبەر بە رژێمی عێراق و بەرجەستەکردنی ئامانجە سیاسیەکانی خۆی لە عیراقدا (Charountaki, 2010 : 302). لەراستیدا کوردەکان بۆ سیاسەتی ئەمریکا و پێکاندنی ئامانجە ستراتیژیەکانی ئەمریکا زۆر گرنگ بوون. کوردەکان رێگای دووری ئەمریکایان نزیکدەکردەوە لە لەناوبردنی رژێمی عیراق.

دواتر لە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ لێژنەیەکی بەرەی کوردستانی عێراق لەگەڵ جێگری سکرتێری (ئۆفیسی کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک و ئاسیای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا) دیدار و گفتوگۆ دەکات. سەبارەت بەم بابەتە لە هەمان رۆژدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: " دانیشتنەکەی ئێمە لەگەڵ لێژنەیەکی بەرەی کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی بەرنامەی حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەرفراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنی سەدام حوسەین و رژێمی ئێستای عێراق بوو. ئێمە پشتیوانی لە هیچ گرووپێکی تایبەتی ئۆپۆزسیۆن ناکەین و ئامانجمان ئەوە نییە دەوڵەتێک پێکبهێنین بۆ ئەوەی جێگای دەوڵەتی سەدام حوسەین بگرێتەوە. ئەمە مەسەلەیەکە کە خەڵکی عێراق دەبێ بریاری لەسەر بدەن. ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتیوانی لە رێگاچارەیەکی سیاسی چاکسازانەی ئاشتیخوازانە لەناو عێراق دەکات، نەک هەڵوەشاندنەوەی عێراق. کاربەدەستانی ئەمریکا لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ لێژنەیەکی بەرەی کوردستانی عێراق جەختیان لەسەر پشتیوانی توندی ئێمە لەبەرەوپێشچوونی مافی مرۆڤ و بەشداری سیاسی سەرجەم خەڵکی عێراق کردەوە. ئێمە پشتیوانی لە عێراقێکی پلورالیست و دیموکرات دەکەین، کە تێیدا هیچ گرووپێکی ئەتنیکی یا ئایینی لە مافە مەدەنیەکان و بەشداری تەواو لە دامەزراوەگەلی حکومی و مافی شانازی کردن بە داب و نەریت و جیاوازی ئایینی و کولتووری خۆی بێبەش نەکرێت. دەوڵەتی ئێمە پێداگرە لەسەر ئەوەی بە گوێرەی رێوشوێنەکانی بریارنامەی ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش و میکانیزمەکانی بریارنامەی ٧٠٦ و ٧١٢ی ئەنجوومەنی ئاسایش، یارمەتی مرۆڤدۆستانە بە خەڵکی عێراق بدات. ئێمە لەسەر ئەوە پێدادەگرین کە دەبێ عێراق ئەو بەرپرسیارەتییانە جێبەجێبکات کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆی داناوە، لەوانە ئاسانکاری بکات بۆ ئەوەی ئاژانسەکانی یارمەتیدەری نێونەتەوەیی بێ هیچ کەند و کۆسپ و سنوورێک دەستیان بەو خەڵکە بگات، کە لە هەموو شوێنەکانی عێراق پێویستیان بە یارمەتی هەیە. هەروەها ئێمە باسی هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانانمان کرد کە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا نیشتەجێن و بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری باکووری عێراق و بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرکوتی عێراق کار دەکەن. هەروەها لە دانیشتنەکەدا ئێمە پێشوازیمان لە باشتربوونی پەیوەندییەکانی رێبەرایەتی کوردی عێراق و دەوڵەتی تورکیا کرد و ستایشی بەیاننامە ڕوونەکەی بەرەی کوردستانی عێراقمان کرد، بۆ پشتیوانیکردن لە یەکپارچەیی تورکیا. پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لەیەک تێگەیشتنی ئێمە لە یەکتری باشتر دەکات و پەیوەندی درێژخایەنی ئێمە لەگەڵ خەڵکی عێراق بەهێزتر دەکات. ئێمە چاومان لە گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ بەرەی کوردستانی عێراق و گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی عێراقە (Meho,2004: 142).

خۆلادانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە پشتیوانیکردن لە هیچ لایەنیکی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بۆ راگرتنی بالانسی سیاسی دەگەرێتەوە بۆ ئەوکات. هەروەها خۆلادانی لە بابەتی هەلوەشاندنەوەی دەولەتی عیراق و جەختکردنەوە لەسەر بەرجەستەکردنی بارگۆرانی سیاسی لەبری هەلوەشاندنەوەی دەولەت. لەراستیدا ئەمریکا تا ئەو کاتەی کە جەنگ و کێشە ناوخۆییەکان و پێکدادانەکان نەبێتە هۆکاری کەوتنە مەترسیی ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی، هەروەها ڕووداوەکان نەبێتە هۆکارێك بۆ پەرەسەندنی تیرۆر و مەترسیی بڵاوبوونەوەی چەك لە ئارادا نەبێت و ئەگەری دروستبوونی ڕژێمێکی دژەئەمریکی و گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە قازانجی وڵاتێکی دژە ئەمریکیی وەکوو ڕووسیا دروستنەبێت، ئەوە هەوڵ نادات کە دەستێوەردان لە کێشە ناوخۆییەکاندا بکات. بۆیە تاوەکوو هەڵوەشانەوەی دەوڵەتێك دوایین ڕێگەچارە نەبێت بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئەو لەگەڵ دابەشبوونی وڵاتان نییە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد لە دوای کۆڕەو، سیاسەتێکی جیاواز بوو بەراورد بە سەردەمی پێش کۆڕەو.سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد لەدوای کۆڕەو خۆی لە بەشدارکردنی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبینیەوە، لەوێوە کوردەکان وەک ئامرازێکی سیاسی گرنگ لەلایەن ئەمریکاوە خرانە ناو بازنەی بەرژەوەندی و سیاسەتی ئەمریکاوە لە عیراقدا. جێگای باسە ڕژێمی عیراق سەنگی خۆی لەدەستدا لە سیاسەتی ئەمریکادا، ئەمەش دەرگایەکی تازەی لەلایەن ئەمریکاوە بەرامبەر بە کوردەکان کردەوە. دواجار پشتیوانی ئەمریکا بۆ کوردەکان بوو بە هەوێنی دروستبوونی هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراق، کە ئەمەش دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد و دۆزی کورد لە کۆماری عێراقدا.

## ئەنجام

لە کۆتایی شیکردنەوەی باس و بابەتە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەوەی، زۆر بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە لە سەرەتادا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا خاوەن ستراتیژیەتێکی ئەوتۆ نەبووە سەبارەت بە کوردەکان، بەڵکو خاوەن سیاسەتێکی ناکارا و کورتمەودابووە سەبارەت بە

دژی کورد و تەنیا لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی بووە لە ناوچەکەدا و کوردی وەکو ئامرازێکی سیاسی بەکارهێناوە، بەڵام لە دوای کۆڕەوەوە تا ئاستێک پشتگیری لە هەندێک لە مافەکانی کورد کردوەو لەدەستی ڕژێمی عیراق پاراستوونی.

جگە لەمە دواتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەخت لەسەر گرنگی چارەسەرکردنی کێشە و تەنگژەکانی عێراق دەکاتەوە، کە مەترسی جدیان خستۆتە سەر سەقامگیری ئەو وڵاتە، کە دەکرێ بەم جۆرە دارشتنی بۆ بکەین:

١-ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق پشتگیری تەواوی حکومەتێک دەکات کە خۆی لەگەڵ ئاراستەی سیاسەتەکەی ئەوان بگونجێنێت و لە جێبەجێکردنی ئەجێندای وڵاتی دیکە دووربکەوێتەوە. سیاسەتی ئەمریکا بەتەواوی پشت بە پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی خۆی دەبەستێت و لەسەر ئەم بنەمایەش کاردەکات.

٢-سەرکردایەتی سیاسی کورد بەتەواوەتی نەیتوانیوە پاڵپشتی هێزە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکان بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدەستبێنێت بۆ بەکارهێنانی ئەم هێزە لەپێناو بەجینۆساید ناساندنی ئەو کارەساتانەی کە بەسەر گەلی کورد هاتوون لە ناوچەکەدا. چ

٣- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەنی سیاسەتێکی لایەنگرانەی هەمیشەیی نیە و نەبووە بەرامبەر بە کۆڕەوی کورد لە باشووری کوردستان.

٤- کۆڕەوی گەلی کورد بوو بە هۆکاری بەقوربانیبوونی هەزاران کورد لە سنوورەکانی ئێران و تورکیادا.

٥- سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆرەو لە سەرەتادا سیاسەتێکی بینەرانە بوو بەرامبەر بە ڕووداوەکان.

٦- سیاسەتی ئەمریکا بەهەردوو لایەنی سەرۆکایەتی و کۆنگرێسەوە دژی رژێمی عیراق وەستانەو و پشتیوانیان لە کوردەکان کرد.

٧- سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆرەو گۆرانکاری بەسەرداهات بۆ سیاسەتێکی مرۆییانەی پارێزکارانە، ئەوەش دوای ئەوەی کۆرەوەکە بوو بە ڕووداوێکی جیهانیی و لە میدیا جیهانیەکاندا دەنگیدایەوە.

٨- کۆرەو بوو بە هۆکارێکی گەورە لە چوونە ناوەوەی کورد بۆ ناو سیاسەتی ئەمریکا لە دوای کۆتاییهاتنی ڕووداوەکان، چونکە کۆرەو دەنگی کوردی بە جیهان گەیاند و دواتر بوو بە هەوێنی درووستبوونی هەرێمی کوردستانی عیراق.

## لیستی سەرچاوەکان


١-کتێبەکان

1-Anthony Duke John (2002): The United States and the Middle East, changing relationships. London. .

2- Alsarhan S. Atalla (2017): The US foreign policy and the Middle East, New York.

3-Blanchard M. Christopher (2012): Change in the Middle East, implications for US policy. New York.

4-Byman Daniel (2016): The US and the Middle East, interests, risks and costs.Oxford.

5- Charountaki Marianna (2010): The Kurds and US foreign policy. New York.

6-Chomsky Noam (2011): The US foreign policy in the Middle East, Minnisota.

7-Dalacoura Katerina (2010): US foreign policy and democracy promotion in the Middle East. London.

8-Estes W. Kenneth (2006): Iraq between two occupaitions, the second gulf war 1990-1991. Zurich.

9-Fawcett John (2002): The internally displaced people of Iraq. Oxford.

10-Gause F. Gregory (2001): Iraq and the gulf war, decisionmaking in Baghdad. New York.

11-Katzman Kenneth (2015): Iraq, policies, security and US policy. Newyork.

12- Lambert J. Peter(1997): The United states and the Kurds, Case studies in the United states engagement. New York.

13- Malanszuk Peter (1991): The Kurdish crises and allied interventions in the aftermath of the second gulf war. New York.

14-Meho I. Lokman (2004): The Kurdish question in US foreign policy. New York.

15-Modigs Ronny (2000): US foreign policy in the Middle East after the cold war, Washington.

16- Phillips I. David (2015): State building in Iraqi Kurdistan. New York.

17- Phillips I. David (2018): The great betrayal, How America abandoned the Kurds and lost the middle east. New York.

18-Rogg Inga (2007): The kurds as parties and victims of conflicts in Iraq. London.

19-Stifani Elda (1997): US foreign policy in the Middle East, interests, interest groups and decisionmaking process.Newy ork.

20-Sobchak K. Frank (2019): The US army in the Iraq war. New York.

٢-گۆڤارەکان

1-Shlaim Avi (2008): The international relations of the 35. Oxford. Middle East.

2-Halliday Fred (1994): The gulf war 1990-1991 and the study of international relations. 12. Cambridge.